# ڕێگایەک تەژی لە ئازار

## لەبارەی نۆڤلێتی ((خاك و خۆڵەمێش))ی عەتیق ڕەحیمی-یەوە

ئازاد بەرزنجی



***((- من برسیمە. سێوێک لە بوخچە سوورەکەی دەستت دەردەهێنیت و بە جلە خۆڵاوییەکەت دەیسڕیت. سێوەکە پیستر دەبێت. دەیخەیتەوە ناو بووخچەکەو دانەیەکی تر دەردەهێنیت. دانەیەکی پاکترو دەیدەیت بە یاسینی کوڕەزات کە لە تەنیشتتەوە دانیشتووەو سەری خستۆتە سەر قۆڵە ماندووەکەت)).***

بەم دێڕانە نۆڤلێتی ((خاک و خۆڵەمێش))ی نووسەرو سینەماکاری ئەفغانی ((عەتیق ڕەحیمی)) دەستپێدەکات.

عەتیق ڕەحیمی کە لە ساڵی -1962دا لە شاری کابول هاتووەتە دونیاوە، لە ساڵی -1985ەوە لە فەڕەنسا وەکو پەنابەر دەژی. ڕۆمانی ((بەردی سەبر))ی لە ساڵی -2008دا خەڵاتی گۆنکۆری بردەوە، کە یەکێکە لە خەڵاتە دیارەکانی فەڕەنسا بۆ ئەدەب. هەڵبەت جێی ئاماژەیە کە بڵێین، ڕەحیمی ئەم ڕۆمانەی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوەو دواتر بۆ سەر چەند زمانێکی دی وەرگێڕدراوە.

بەر لەوەی باس لە نۆڤلێتی ((خاک و خۆڵەمێش)) بکەین، دەمانەوێت ئەوە بڵێین، کە لەم دەیەیەی دوایـــداو بەتایبەتیش لە پاش ڕووداوەکەی یانزدەی سێپتەمبەرەوە، خۆرئاوا بە ڕۆحێکی لاپەرەسەن و بە چاوێکی ترەوە دەڕوانێتە ئەو کەلتوورانەی کە ئایینی ئیسلام یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی و هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی وردی هەبێت بۆ ئەوەی کە لەو دونیایەدا ڕوودەدات. تێگەیشتن لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵاتی و ڕۆشنبیریی. هەر لێرەوەیە کە خۆرئاوا بایەخێکی تایبەت بەو کارە ئەدەبیی و ئیبداعییانە دەدات کە قسە لەسەر کێشەو ململانێ و گرفتەکانی ناو ئەو کەلتوورانە دەکات.

یەکێک لەو کەلتوورانەی کە لەم دەساڵەی دواییدا بووە جێی سەرنجی نێوەندە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی خۆرئاوا، کەلتووری ئەفغانی بوو، لەبەر ئەوەی کەلتووری ئەفغانی و کۆمەڵگای ئەفغانی یەکێکە لە نموونە بەرجەستەکەرەکانی ئەو ململانێ سیاسیی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەئەنجامی بەریەککەوتنەکانی نێوان ئایینی ئیسلام و بەتایبەتیش ئیسلامی توندڕەو و دونیای مۆدێرنەوە هاتوونەتە گۆڕێ. ئەفغان بە درێژایی سی چل ساڵی ڕابردوو بووە مەیدانی جۆرەها ململانێی سیاسیی و ڕووداو و کارەساتی جۆراوجۆر، کە تائێستاش درێژەی هەیە. هەر بۆیە ئەم واقیعەی ئەفغانستان و ململانێ و کێشمەکێشەکانی بووە هەوێنی کۆمەڵێک کاری ئەدەبیی، کە توانییان سەرنجی خۆرئاوا بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەوانەش هەردوو ڕۆمانەکەی ((خالید حوسەینی))، واتە ((کۆلارەبان)) و ((هەزار خۆری درەوشاوە)) و هەروەها ڕۆمانەکانی ((عەتیق ڕەحیمی))، لەوانەش ((بەردی سەبر)) و ((هەزارماڵ بۆ خەون و ترس)) و ((خاک و خۆڵەمێش))، کە لێـــرەدا لێی دەدوێین.

((خاک و خۆڵەمێش)) ڕۆمانێکی درێژ نییە، بەڵکو نۆڤلێتێکە ژمارەی لاپەڕەکانی لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نزیکەی حەفتا لاپەڕەیەکەو ڕووداوەکانیشی لە ڕۆژێکدا ڕوودەدەن. داستاگویری پیرەمێرد لەگەڵ یاسینی کوڕەزایدا بەڕێوەن بۆ لای مورادی کوڕی، کە باوکی یاسینە، تاهەواڵی کارەساتی مردنی ژنەکەی (واتە ژنەکەی موراد) و دایکی بداتێ. هاوسەرەکەی مورادو هەروەها دایکی دەبنە قوربانیی کارەساتی وێرانکردن و سووتاندنی لادێکەیان لەسەر دەستی هێزەکانی سۆڤێت، بەو بیانووەی کە کۆمەڵێک کەسی نەیار بە دەسەڵاتی سۆڤێت لە لادێکەدا خۆی حەشارداوە. (هەڵبەت پەیبردن بەم حاڵەتە بۆ ئێمەی کورد شتێکی هێند گران نییەو بگرە هەمووومان پێی ئـــاشناین، بە حوکمی ئەو ئەزموونەی لادێکانی کوردستانیش لەگەڵ دەسەڵاتی بەعسدا هەیانبوو). ئەمە لەساڵانی هەشتاکاندا کە ئەفغانستان لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە داگیرکرابوو. مورادیش لە کانێکدا کاردەکات کە سەر بە دەسەڵاتی سۆڤێتەو چوار ساڵە لەگەڵیاندا کاردەکات و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەشدا چوارجار گەڕاوەتەوە بۆلای ژنەکەی و منداڵەکەی، کە دواجاریان مانگێک لەوەوبەر بووە.

داستاگویر بەدرێژایی ئەو ڕێگایە شەپۆلەکانی نیگەرانیی دەروونی دەهێنن و دەبەن و دوودڵیی ناخی دەکێڵێت، کە ئاخۆ ئەم هەواڵە بەکوڕەکەی بگەیەنێت، یان نا؟ وتنی هەواڵێکی جەرگبڕی وا، گەلێ دژوارەو ڕەنگە موراد بەرگەی نەگرێت و شێت بێت، لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی و دایکی زۆر خۆشدەویست. ئەمە جگە لەوەی لە ئەنجامی دەنگی بۆمبەکانەوە گوێیەکانی یاسینیش کەڕبوون. ڕێگاکە ڕێگایەکی وشک و برنگی ناو کێوە ڕووتەکانی ئەفغانستانە. داستاگویرو یاسین، لەسەر ڕێیاندا کەسانێکی ئەوتۆ نابینن جگە لە چەند کەسێک نەبێت، لەوانە پاسەوانێک و دووکاندارێک. پاش ئەوەی لە ڕێی تێفکرین و بەیادهێنانەوەکانی داستاگویرەوە لە وردودرشتی ڕووداو و کەسێتییەکان دەگەین، دواجار کاتێک هەواڵی موراد لە پاسەوانەکە دەپرسێت و پێی دەڵێت کە هاتووە تا ئەو هەواڵانەی پێ بڵێت، پاسەوانەکە دەڵێت کە ئەو هەواڵانەیان بە موراد گەیاندووەو پێویست ناکات لەوە زیاتر موراد بەوەوە خەریک بکرێت، چونکە ئەو ئێستا یەکێکە لە کرێکارە چالاکەکانی کانەکەو بەتەمان بینێرن بۆ دەورەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی و ئەوسا پلەوپایەی بەرزتر دەبێتەوە.

(جەنگ) پاڵەوانی زۆربەی کارەکانی عەتیق ڕەحیمییە. هەرچۆن لە (بەردی سەبر)و هەروەها لە (هەزار ماڵ بۆ خەون و ترس)دا ئەمە بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە. کاراکتەرەکانی ڕەحیمی، هەریەکەو بەشێوەیەک لە شێوەکان قوربانیی دەست بێڕەحمییەکانی جەنگن. جەنگێک کە بێبەزەییانە مرۆڤەکان لە دەرەوەو ناوەوە دەخوات و پانتاییەک بۆ ژیان و خۆشەویستی و جوانیی ناهێڵێتەوە.

دیسانەوە لەم نۆڤلێتەشدا، جەنگ دەبێتەوە بەو دێوەزمەیەی کە سێبەری قورسی خۆی بەسەر ژیانی کاراکتەرەکانەوە جێدەهێڵێت، تا دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە (ئەوانەی مردن بەختەوەرن و ئەوانەی ماون لە عەزابدان). ئەم سێبەرەش بەتەنها توێژێک، یان نەوەیەکی کۆمەڵگاکەی نەگرتووەتەوە، بەڵکو هەموو توێژو نەوەکان. ئەوەتانێ ژنان بە هەردوو نەوەکەوە، نەوەی کۆن (کە خۆی لە دایکی مورادا دەبینێتەوە) و نەوەی نوێ (کە لە هاوسەرەکەی مورادا بەرجەستەبووە).

هەروەها ئەوەتانێ پیاوانیش بە پیر (داستاگویر) و لاو (موراد)ەوە و هەروەها منداڵانیش کە لە نۆڤلێتەکەدا (یاسین) بووەتە سیمبوولیان.

تارمایی جەنگ بەسەر ژیانی کاراکتەرەکانی ڕەحیمییەوە کارێکی کردووە کە لەو ڕۆمانانەدا ئەتۆسفێرێکی غەمگین باڵ بەسەر تەواوی ڕووداوەکاندا بکێشێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ڕەحیمیی بە زمانێکی پەخشانئامێزی سەرنجڕاکێش خوێنەر بۆ ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانی پەلکێش دەکات و ئەم ڕۆمانەشی لەسەر زمانی کەسی دووەم دەگێڕێتەوە.

(چاوەکانت دەکرێنەوە. هەست دەکەیت ئارەقەیەکی ساردت کردۆتەوە. ناتوانیت بخەویت، بەئارامیی بخەویت. یەک هەفتەی ڕەبەقە بەئارامیی نەخەوتوویت. هەر کە چاوانت دەنووقێنیت مورادو دایکی دەبینیت، یاسین و دایکی، خاک و ئاگر، هاوارو فرمێسک).

ڕەحیمی دەڵێت، کە ئەم ڕۆمانەی لە ماوەی هەفتەیەکدا نووسیوە، بەڵام یەک ساڵی تەواو کاری لەسەر زمانەکەی کردووە تا بەو شێوەیە دەرچووە.

هەڵبەت پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ڕەحیمی لەم ڕۆمانەدا زیرەکانە هەندێ سیمبوولی بەکارهێناوە. لەوانە ئەو ڕێگایەی کە داستاگویرو یاسینی کوڕەزای دەیبڕن، کە دەکرێ وەکو سیمبوولێک بۆ مێژووە پڕ لە نەهامەتییەکانی ئەفغانستانی لەقەڵەم بدەین، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، چونکە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەوساڵانەدا ڕوودەدەن. هەروەها ئەو ماشێنە سەربازییە سۆڤێتییەی کە بە ڕێگاکەدا دەڕوات و وێنەی ئەستێرەیەکی سووری لەسەرە. دیسانەوە کەڕبوونی ((یاسین))ی منداڵ کە هەموو شتەکان دەبینێت، بەڵام هیچ نابیستێت، بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر بێباکییەکەی ((موراد))ە، کاتێک پاسەوانەکە دەڵێت کە موراد هەواڵی مەرگی دایکی و هاوسەرەکەی و وێرانبوونی لادێکەشیانی بیستووە، کەچی لەخۆی نەگرتووە سەردانێکی دێکەشیان بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بەدرێژایی ڕێگاکە باوکی موراد بەقووڵیی نیگەرانە لەوەی کە چۆن و بەچ شێوازێک ئەو هەواڵەی پێ ڕابگەیەنێت، نەبا بە بیستنی شێت بێت. بێگومان ڕۆمانەکە دەیەوێت پێمان بڵێت، کە ((موراد))یش بەجۆرێک لەجۆرەکان قوربانییە، بەڵام ئەم قوربانیی دەست ئەو مێشکشۆرییەیە کە بەدرێژایی حەفتاساڵ ئایدیۆلۆجیەتی سۆڤێتی بەرامبەر بە خەڵک و هاوڵاتییانی پیادەی دەکرد. مورادیش فریوخواردووی ئەوەیە کە وەکو کرێکارێکی نموونەیی دەستنیشان کراوەو بۆ خولی خوێندن دەنێردرێت و دواتر پلەکەی بەرز دەکرێتەوە. لێرەوە خوێنەر هەست بەو پارادۆکسە تراجیکە دەکات کە کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت و چەندەها پرسیاری لا دەورووژێنێت.

شایانی باسە، کە ئەم ڕۆمانە لەلایەن سینەماکاری ئێرانی (کامبوزیا پرتوی)ەوە کراوە بە فیلمێکی سینەمایی و پتر لە دە خەڵاتی سینەمایی بەدەستهێناوە.



عەتیق ڕەحیمی

**ڕەحیمی ئەم ڕۆمانەی لە ماوەی هەفتەیەکدا نووسیوە، بەڵام یەک ساڵی تەواو کاری لەسەر زمانەکەی کردووە تابەو شێوەیە دەرچووە**



*** تێبینی: ئەم ڕۆمانە لە لایەن نووسەری ئەم چەند دێڕەوە کراوە بە کوردی و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە چاپ دەدرێت.**